# ڕەگ‌وڕیشەی مۆرفیمی ( خۆ )و ئەرکی لە زماندا

**پ. ی. د. فاروق عومەر سدیق/ زانکۆی سلێمانی- سکوڵی زمان**
**بەشی زمانی کوردی**

**سەرەتا:**

وشەی (خۆ) لەدیالێکتی خواروو و ڤەریانتەکانی، یا شێوەکانی تری لە دیالێکتەکانی ترو بەرامبەرەکانیشیان لەهەندێ زمانی هندوئەورووپایی‌و هندوئێرانی کۆن‌و نوێدا بەیەکێك لە وشە هەرە گرنگ‌و بەپێزو ڕیشەقووڵ‌و بنجداکوتاوانە، دادەنرێت کە زمان بەرهەمی هێناوە.

چەمك‌و واتای ئەم وشەیە جێ‌وشوێنێکی گرنگ‌و تایبەتی لە مێشکی کوردو غەیرەز کورددا، داگیرکردووە. مرۆڤ بۆ گەشەسەندن‌و فراوان کردن‌و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی‌و بۆ ڕاپەڕاندنی چەندین ئەرکی هەمەچەشنە لە سینتاکسدا، هەموو کات‌وساتێ پێویستی لەڕادە بەدەری پێیەتی. وشەیەکی ئاوا کاراو چست‌وچالاك‌و پڕ ئەرك، ئەوە دەهێنێت کە چەندین باسی چڕوپڕو وردی فرەلایەنەی لەسەربکرێت. کە تیایاندا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەراوردی مێژووی بگیرێتەبەرو بتوانرێت پەی بەسەرهەڵدان‌و شیکردنەوەی ڕەگ‌وڕیشەی ببرێت‌و ئەو گۆڕانە مێژوویانەی کە وەك لێکسیمێك لە ئەنجامی پرۆسەی بەئەبستراکت‌و گراماتیك بوونی‌و بەدوایدا، کارکردن‌و کەوتنەگەڕی لە سینتاکسدا کە بەسەری هاتوون، ساغ بکرێنەوەو لەبنەڕەت‌و ڕاستیشدا، چۆنن، هەر بەو چەشنەش، بخرێنە بەرچاو.

وشەی (خۆ) لەچەند فەرهەنگێکی کوردی – کوردی، یا کوردی‌و زمانانی تری بۆ نموونە لە (کوردی – ڕووسیدا) کە تیایدا واتاو ئەرکی ڤەریانتە بەرامبەرەکانی (خۆ) لەسەرەوودا نیشاندراوە[1] بەڵام لەسنوورێکی یەگجار تەسك‌و کەمداو بەڕێگاو لێکدانەوەو بیروبۆچوون‌و تێگەیشتنی جیاوازی ئەو ڕۆژانە، نووسەرەکانیان، هەوڵی ڕوونکردنەوەی واتاکانیان‌و هەندێ لە تایبەتێتیە لێکسیکی‌و گراماتیکانیان، داوە.

---

1- بۆنموونە بڕوانە: شیخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦١- ١٦٧ " هەژار، هەنبانەبۆرینە، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٤، ل٢٤٧- ٢٤٩" چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٣٩٥ " ك. ك. کوردۆیێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٣٨٣.

گراماتیکنووسانی کوردیش لە چوارچێوەی باسی جۆرو ئەرکی جێناوەکانداو دیسانەوە هەر لە سنوورێکی زۆر سنووردارداً، نەبێت، هیچ کاتێك بەباس و لێکۆڵینەوەی تایبەت و فرەلایەنی زمانەوانی سەربەخۆ، ڕاستەوڕاست ڕووبەڕووی وشەی (خۆ) نەبوونەتەوەو دەستیان بۆ نەبردووەو بەلایدانەچوون، واتە وەك پێویست، حەقی خۆیان پێنەداوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا، زۆر لایەنی جەوهەریی ئەم وشەیەو چۆنێتی گەشەسەندنی واتاکەی و کارکردنی لە فەرهەنگ و ئەرکی لە سینتاکسدا، بەشاراوەیی و ناتەواویی، ماونەتەوە.

جا ئەو ڕۆڵە گرنگ و بەرچاوو بایەخدارەی کە (خۆ)و ئەلۆمۆڕفەکانی بەردەوام و بێوەستان لەفەرهەنگ و بەتایبەتی لەسینتاکسدا، دەیگێڕن و پێویستی جیاکردنەوەی واتاو ئەرکەکانیان لەیەکتری و ڕەواندنەوەی ئەو تەمومژییەی تا ئەمڕۆ بەسەر واتەکەیەوەن و بەرۆکیان بەرنەداوەو ڕاست کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕاوو بیروبۆچوونانەی کە پێشتر دەربارەی کراون، فاکتەرو هاندەری بەهێزمان بوون کە بۆیەکەمجار لەمێژووی زمانەوانی کوردیداو لەچوارچێوەی باسێکی زانستی سەربەخۆو بەشێوەیەکی گشت لایەنی لە (خۆ) بکۆڵینەوە.

ئەم باسە جگە لەپێشەکی، ئەم بەشانە دەگرێتەخۆی:

<u>یەکەم بەش</u>

لێرەدا، واتای (خۆ) کە لە دوو فەرهەنگدا، لێکدراوەتەوە، هێناومانەتە بەردەم و ڕای خۆشمان بەرامبەریان دەربڕییوە، ئەو کارە زمانەوانیانەش کە لەلایەن گراماتیکنووسانی کوردو غەیرەز کورد لەسەر (خۆ)و ئەرکی لە زمانی کوردیدا، کراون بەسەر کراونەتەوەو هەڵسەنگێنراون.

<u>دووەم بەش</u>

لێرەدا، بەپێی زانستی ئێتمۆلۆژی، پەنجە بۆ ڕەگ و ڕیشەی براوەو واتا بنجێکەی (خۆ)و ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر فۆڕمی ئەوساو ئێستاو واتایدا، هاتوون، نیشاندراون.

<u>سێیەم بەش:</u>

ئەم بەشە بۆ دەرخستنی پێزو بەرهەم و ڕۆڵی (خۆ)و فۆڕمە کۆنەکانی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا، تەرخان کراوە.

<u>چوارەم بەش</u>

لێرەدا بەنوێترین بیروبۆچوون، ئەرکە جۆراوجۆرەکانی (خۆ)و ئەلۆمۆڕفەکانی یەکالاکراونەتەوەو سەلمێنراون.

ئەنجامی باسەکەش لەکۆتاییدا بەچەند خاڵێك، چەسپێنراوە.

# یەکەم بەش

وشەی (خۆ) لەئەنجامی گۆڕانی ئیکۆنۆمی‌و فۆنەتیکی (خوت > خود > خۆ) هاتۆتەکایەوە، ئێستا فۆڕمی سەرەکی‌و بەکارهاتووی بەربڵاوی دیالێکتی خواروەە. لەپاڵ ئەمەدا، بەڵام زیاتر لە زمانی نووسین‌و ڕاگەیاندنداو لە سنوورێکی تەسک‌و تایبەتی‌و کەمتر لە (خۆ) لە هەندێ لقە دیالێکتی دیسانەوە لە خواروودا، هێشتا هەر سوود لە بەکارهێنانی (خود)یش، دەبینرێت.

(خۆ) جگەلە کارکردنی لەفەرهەنگدا، دوای پرۆسەی (grammaticalization) واتە دوای بەگراماتیکبوونی بەبەشداری کردنی لەسازکردنی پێکهاتەیەکی ئانافۆری (anaphoric)[٢] لەتەك کۆمەڵێك کلیتیکدا لە شێوەی (-خۆم، -خۆت، -خۆی، -خۆمان، -خۆتان، -خۆیان)دا چالاکانە لەکاردایە.

وەك پارتیکڵیش، جگە لەفۆڕمی (خۆ) بەشێوەی (خۆی)و بەیەکگرتنیشی لەگەڵ پارتیکڵی (دا)دا بەشێوەی (داخۆ > ئاخۆ، داخۆ)دا، بەرچاو، دەکەوێت. فۆڕمی (خود) دوای بەگراماتیکبوونی پێکەوە لەگەڵ کۆنجێکشنی (-یا-)دا، کۆنجێکشنی لێکدراوی {یاخوت > یاخود > یاخۆ}یان، سازکردووە. بەرامبەر بەو فۆڕمانەی خواروو لە دیالێکتەکانی تردا بەگشتی ئەمانە: (خوە، خە، خۆ، خو، خویێ، خۆڤە، خوێن) لەسەرووداو (خۆ) لە زازاداو (وێ) لەگۆراندا، بەرچاودەکەون.[٣]

لەزمانەوانی کوردیدا، تەلاش بۆ خستنەڕووی واتاو ئەرکی (خۆ)ی خواروو لە دوو بواردا کە یەکێکیان فەرهەنگەو ئەویتریان گراماتیکە، کراوە. بۆ نیشاندانی تێگەیشتن لە واتای (خۆ)، لە فەرهەنگە کوردیێکاندا بەپێی مێژوویی دەرچوونیان لە (خاڵ)و (هەمبانەبۆرینە)، کە بەڕای ئێمە بە بەراوردکردنیان لەگەڵ فەرهەنگەکانی تردا، فراوانترو پڕ زانیاریتر لەسەریان نووسیووە، ورد دەبینەوە.

سەرەتا لە (خاڵ)ەوە، دەست پێ‌دەکەین، لەم فەرهەنگەدا، بەرامبەر وشەی (خۆ) وا نووسراوە:

(خۆ): ئاشناو ناسیاوی تێکەڵ، ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران، پیتێکە لەسەر کۆنە سەرزەنشتدا، بەکاردێنرێ: (خۆ) تۆ لای خۆت پیاویت، واتە نەدەبوو ئەو کارە بکەیت، یا (خۆ) زبانم نەسووتا، واتە نەدەبوو دڵگیربیت.

---

2– دەربارەی زاراوەی ئانافۆری‌و ئەرکی بڕوانە: چوارەم بەشی ئەم باسە.

3– بڕوانە: پێۆتەر لێرخ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێران‌و باوو باپیریان (خالیدێکانی سەروو)، بەرگی سێیەم، سانکت پیتربۆرگ، ١٨٥٨، ل٣٢، ٣٤" چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی - ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٥٥٦" چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی سۆڤێت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل١٦٣" ك. ك. کوردۆێڤ، دەستووری زمانی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی سەروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل١١٤" صادق بهاء الدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری‌و ژێری یا هەڤبەرکری)، چاپا یەکێ، بەغدا، ١٩٧٨" ئی. ئا سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی زازا، مۆسکۆ، ١٩٩٨، ل ٤٥" ئی. ئا سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی گۆران، سانکت پیتربورگ، ١٩٩٨، ل٤٤.

ئەمانەش، هەندێ لەو وشانەن کە بە بەشداری (خۆ) پێکهاتوون: خۆپەرست، خۆپەرستی، خۆبەردان، خۆپاراستن، خۆپەسەند، خۆپەسەندی، خۆخلافاندن، خۆخواردنەوە، خۆخۆر، خۆداکوتان، خۆدزینەوە، خۆڕایی، خۆکوشتن، خۆکێشانەوە، خۆکێشکردن، خۆگێل کردنو هی تریش.

هەر لەم فەرهەنگەدا، واتای (خۆ) بەیەکگرتنی لەگەڵ کلیتیکەکاندا، هەریەک بەجوداو بەتەنیا، لێکدراونەتەوە. بۆنموونە بەرامبەر بە (خۆم) نووسراوە: بریتییە لە قسەکەرێکی تەنیا کە بەخۆی بڵێ.

(خۆت): بریتییە لەو کەسەی کە قسەی لەگەڵ دەکەیت.

(خۆی): بریتییە لەکەسێکی نادیار، یا یەکێك کە ڕووی قسەت لێی نەبێ.[٤]

لەهەنبانەبۆرینەدا، واتای (خۆ) و شێوەکانی بەم چەشنە نیشاندراون:

١- خزم، دۆستو ئاشا.

٢- خۆم (خۆم بەدۆستی تۆ دەزانم)

٣- لەئاکاما (وەرە ماچێکم دەیە، خۆ دنیا کاول نابێ!)

٤- هەر شەخسی ئەو (هەمووی بۆ خۆی برد)

٥- کەچی (خۆ هاتم تۆ لەماڵ نەبووی)

٦- شەونم، ئاونگ، خناڤ

٧- ئارەقەی لەش

لێرەش، هەروەك فەرهەنگی خاڵ، (خۆ) بەیەکگرتوویی لەگەڵ کلیتیکەکاندا، واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە. بۆنموونە، بەرامبەر بە (خۆت) نووسراوە:

تۆی تۆ، بۆ خۆت، کەسی ترنا، خۆت وەرە.

وشەی (خۆت)ی کوردی بەرامبەر بە (خودت)ی فارسی ڕاگیراوە. ئەمانەش هەندێکن لەو وشانەی کە لەم فەرهەنگەدا، نیشاندراونو بە بەشداری (خۆ) سازبوون: خۆبردنەپێش، خۆبەخت کردن، خۆبەردان، خۆپەرستن، خۆبینی، خۆپاراستن، خۆپارێز، خۆپارێزی، خۆتاڵکردن، خۆخواردنەوە، خۆڕاگرتن، خۆڕاگر، خۆخۆر، خۆگرتوو و هی تریش.

دیسان هەر لەم فەرهەنگەدا، چەند وشەیەك نیشاندراون کە بە بەشداری فۆڕمی (خود) سازێنراون، وەك: خودبینی، خودپەسەند، خوددار، خودداری، خودسەر، خودسەری، خودگیری.

جێی سەرنجدانە کە لەم فەرهەنگەدا، وشەی (خوت) کە لەوشەی (خوتو خۆڕایی) و (خوتو خاڵی)دا، بەنموونە هێنراوەتەوە بەپێشگر دانراوە.[٥]

پوختەی ڕاو سەرنجمان دەربارەی لێکدانەوەی واتای (خۆ) لەو دوو فەرهەنگەدا، ئەمانەن:

---

[4]- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، ل١٦١- ١٦٧.

[5]- هەژار، هەنبانەبۆرینە، ل٢٤٧ – ٢٤٩.

١- بەپێی ڕێبازو سرووشتی ڕێکخستن‌و نووسینی ئەو دوو جۆرە فەرهەنگە، واتای (خۆ) لەسەر بناغەی ئەمڕۆی شیکراوەتەوە.

٢- یەکەم واتای بە (خزم‌و دۆست‌و ئاشنا) دانراوە کە لەڕاستیدا، ئەمانە ئەوەنین، بەڵکو واتای گۆڕاو و بارکراوی سەر (خۆ)ن.

٣- واتای فەرهەنگی‌و دوای بەگراماتیکبوونی لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بۆنموونە: واتای (خۆ) بەبەستنەوەی بە پێکهاتەی (خۆ + کلیتیک) لێك دراوەتەوە کە ئەمە دروست نییە، چونکە (خۆ) لەتەك کلیتیکەکاندا بەگراماتیککراوەو بەهەردوولایان پێکهاتەیەکی ئانافۆرییان سازکردووە کە ئەرکی لە سینتاکسدا بەهێزکردن‌و پتەوکردن‌و زەقکردن لەبەرچاو و کۆنکرێت کردنی زیاتری واتاو چەمکی دیاریکردن‌و سنووردانانە بۆ ئەو وشانەی کە پێش ئەمان باسکراون، بۆیە بەجێ نییە واتای فەرهەنگی (خۆ) لەچوارچێوەی ئەو ئانافۆریەدا، شیبکرێتەوە.

٤- لەهەردووکیاندا وشەی نوێی سازینراو بەیارمەتی (خۆ) بەنموونە هێنراونەتەوە. لە هەنبانەبۆرینەدا، ئاماژە بە (خود)یش لە دروستکردنی وشەی نوێدا، کراوە، بەڵام ئەو وشانەی بەبەشداری (خود) پێکهێنراون، ئەمڕۆ بەنسبەت دیالێکتی خواروووەوە لەناوچەو سنوورێکی تایبەتیدا بەکاردێن، ئەمەش بەڵگەی سەرکەوتنی (خۆ)یە لەخەباتی مانەوەیەدا بەسەر (خود)دا.

٥- (خوت) لەهەمبانە بۆرینەدا لە ئیدیۆمی (خوت‌و خۆڕایی)‌و (خوت مالی)دا حیسابی پێشگری بۆ کراوە لەڕاستیدا (خوت) پێشگر نییە، بەڵکو کۆنترین فۆڕمی (خۆ)یە.

٦- لەهیچیاندا، پەی بەو ڕاستییە نەبراوە کە (خۆ) لە کۆنجێکشنی (یاخود < یاخو)‌و (خوا) لە (داخوا)دا، ئەلۆمۆرفی (خۆ)ن، واتە نەبراونەتەوە سەر (خۆ).

بەدرێژایی مێژووی لێکۆڵینەوە لە گراماتیکی کوردی[6] بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمان دان، تا نووسینی ئەم باسەی ئێمە، واتاو ئەرکی (خۆ) کە بەزاراوەی هەمەچەشنەی

---

[6]- بڕوانە: تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩، ل١١٢- ١١٣" نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٩٥- ٩٦" Mackenizie D. N., Kurdish Dialect, studies London. Oxford university press, 1961, p81- 82." ک. ر. ئەیووبی‌و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨، ل٥٢" چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی سۆڤێت، ل١٦٣" جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦، ل٢٦- ٢٧" کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٦٣-٦٧" ک. ک. کوردۆیڤ، ل١١٤" د. کوردستان موکریانی، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لەڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٤٩- ٢٥٠" ز.ئا.یوسۆپۆڤا، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٨٥، ل٥٩-٦٠" د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ل٢٣٢-٢٤٤" صادق بهاء الدین ئامێدی، ل٢٤٧- ٢٥٠" ز. ئا. یوسوپۆڤا، دیالێکتی کوردی گۆرانی، سانکت پیتربورگ، ١٩٩٨، ل٤٤-٤٥" ئی. ئا. سمیرنۆڤا و ک.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی زازا، ل٤٥" ئی. ئا. سمیرنۆڤا و ک.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی سنە، سانکت پیتربورگ، ٢٠٠١، ل٢٦- ٢٩.

وەك: (بۆناوی خۆیی، ڕاناوی خۆیی، جێنێوی خۆی، جێناوی خۆیی، جهناڤێ خۆیی) ناوبراوە لەو بەشانەشدا، جێی بۆتەوە کە بۆ جێناوەکان، تەرخان کراونو هەر لەو چوارچێوەیەشداو لە سنوورێکی زۆر تەسكو ناتەواودا، پریشك بەر هەندێ لایەنی کارکردنیشی لە فەرهەنگدا، کەوتووە.

بەجۆرێکی تر، دەشێ بڵێین کە گراماتیکنووسانی زمانی کوردی تەنیا لە ڕێگای گراماتیکە گشتێکانیانەوەو لە گوزەرکردنیاندا بەناو ئەو وشانەی کە بە جێناو لەقەڵەمیان، داون، چەشنێکیان لێ جیاکردوونەتەوەو بە (جێناوی خۆی) ناویان بردوون، واتە لە لارێوە دەستیان بۆ وشەی (خۆ) بردووە، نەك ڕاستەوخۆ بۆی چووبوون، لەبەرئەوە دەربارەی سروشتی کارکردنی نووسەرانی ئەو گراماتێکانەو چۆنیەتی بیرکردنەوەو چەشنی ئەو پلانو ڕێبازانەی کە لە تەتەڵەکردنو تاوتوێکردنو لێکۆڵینەوەی (خۆ)دا، گرتوویانەتەبەرو ئەو ئەنجامانەی پێیان گەیشتوون دەتوانرێ بوترێت کە لەو گراماتیکانەدا بەپێی پلانی سینکرۆنیو گرتنەبەری ڕێبازی وەسفی تەماشای واتاو ئەرکی (خۆ) کراوە، بۆیە زوربەی لایەنە لێکسیکیو سیمانتیکیو گراماتیکێکانی ئەم وشەیە بەتەمومژاویو بەساغ نەکراوەییو بێحەلو چارەسەر ماونەتەوە، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەو ئەنجامانەی هاتوونەتە دەستیان کاڵوکرچنو هەڵەو ناتەواویی زۆریان پێوەدیارە.

بۆدەست خستنەسەر تەواویی تایبەتێتە لێکسیکیو گراماتیکێکانی وشەیەکی زرتو زیندوو و چوستو چالاکی خاوەن ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵو بنج داکوتاوی وەك (خۆ) گرتنەبەریی ڕێبازی وەسفی ئامانج ناپێکێت، بەڵکو پێویستی بەپلانی دیاکرۆنیو پەیرەوی کردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەراورد هەیەو ئەو نووسەرانە بۆیان نەلواوە بیگرنەبەر.

بەگشتی لەگەڵ بوونی هەندێ بیروبۆچوونو لێکدانەوەی جیاواز لەدەست نیشانکردنی واتاو ئەرکی (خۆ)دا، خاڵێکی سەرەکی کە ئەو نووسەرانە پێکەوە گرێدەدات بریتییە لە جیانەکردنەوەی واتاو ڕۆڵی (خۆ) لەسازکردنی وشەی نوێی لەگەڵ (خۆ)ی بەگراماتیك بوو، ئەمەش بە زەقترین هەڵەو فاکتەرو نیشانەی سەرنەکەوتوویی کارەکانی ئەو نووسەرانە دادەنرێتو دواتریش، هەرچی حوکمدانێکیش، بەسەر فۆڕمو واتاو ئەرك بینینە جیاوازەکانیدا، درابێت هەر لەسەر بناغەی ئەو تێنەگەیشتنەوە بووە.

## دووەم بەش

بۆ ئێتمۆلۆژی وشەی (خود > خۆ) یەکەم هەنگاو کە دەینێین، بە نیشاندانی ئەم نەخشەیە دەست پێدەکەین، کە تیایدا، نموونە لە چەندین زمانی هندوئێرانیو هندو ئەوروپایی کۆنو زیندوو وەرگیراون کە دەشێ لەڕووی واتاو ئەسڵەوە بەرامبەر بە (خوت)> (خود)> (خۆ)ی کوردی ڕابگیرێن:

| زمان | وشە | تێبینی |
|---|---|---|
| ئاوێستایی | HAVA- , XVATŌ, (H)UVA | |
| فارسی کۆن | XWAT, XVAI | |
| پەهلەوی | XWAT, XWAD, XUAT, XUĒSHTÁN, XUĒSH | لەم زمانەدا ئەم ڕەگەش: NAFSHAH کە بەئەسڵ سامییە بەکارهێنراوە، لە عەرەبیدا: (نفس)ە. |
| سانسکریتی | SVÁ | |
| گرێکی | Ē- , EĒ-, HOS- | |
| لاتینی | SUI-, SU-, SUUS, SĒ - | |
| ئەڵەمانی کۆن | SELBO, SELB, SIH | |
| ئەڵەمانی | SELBST, SICH | |
| ئینگلیزی کۆن | SELF, SELOF, SYLF | |
| ئینگلیزی | SELF | |
| دانیمارکی | SELV | |
| هۆڵەندی | ZELV | |
| ڕووسی | CAM, CBYA, CVOY | |
| بەلوچی | WAT(لە دیالێکتی ڕۆژئاوا)<br>WAE(لە دیالێکتی ڕۆژهەڵات) | |
| ئەفغانی (پوشتوو) | KHOD, KHUD | |
| فارسی | خود، خویش، خویشتن | |
| کوردی | خود، خۆ [(٧)] [(٨)] | |

[7]– بڕوانە: ڤ. أ. فرۆلۆڤا، زمانی بەلوجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٤٦" ر.ئابرامیان، فەرهەنگی پەهلەوی – فارسی – ئەرمەنی – ڕووسی – ئینگلیزی، یریڤان، ١٩٦٥، ل٣٢٥" ڤ. س. رەستەرگۆیێڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل٦٨"

دکتر منوچهراریان پورکاشانی، ڕیشەهای هندواوروپایی زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٣، ص٢٥٢.

لەڕاستیدا، زۆربەی وشەی ئەو زمانانەی ناو ئەو نەخشەیە بە(خود)ی زمانی کوردیشەوە لەلایەن (ئاریان پوورکاشانی)یەوە دراون و هەمووشیانی بەئەسڵ بردۆتەوە سەر ئەم ڕەگە هندو ئەورووپیانە:
{*S(W)E- , *SWEDH-, *SUE-, *SEUE-, *SE-}[٩]

بەم هەنگاوە، گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە (خۆ) یەکێکە لەو فۆڕمە گۆڕاوانەی کە لەو ڕەگە هندو ئەوروپاییانەوە داکەوتوون و لەئەنجامی گۆڕینی (خوت > خود > خۆ)وە، پەیدابووە.

دوای ئەوەی کە ڕەگ و ڕیشەی فۆڕمی (خۆ)مان بۆ ساغ بۆوە، بۆئەوەی دەست بخەینە سەر واتا بنجێکەی پێویستە هەنگاوی تر بنێین. بۆئەو مەبەستە، وای بەپەسەند دەزانیین کە لەو لێکۆڵینەوە زمانەوانیانەی دەربارەی چەمك و واتای بەرامبەرەکانی (خۆ)ی کوردی لە زمانە هندوئەوروپایی و هندوئێرانی و زمانانی تریشدا، کراون، وردبینەوە.

جێناوی (عایدیەت) یا (گەڕاوە)، هەروەها (عایدیەت – دیاریکردن) لە زۆر زماندا کە لەواتادا بەرامبەر وشەی (سام CAM)ی ڕووسی کە واتای (زات، نەفس) دەگەیەنێت لەو وشانەوە داکەوتوون کە واتای (ڕۆح، سەر، لەش) دەبەخشن، بۆنموونە: جێناوی عایدیەتی هندوئێرانی (-tanū) واتاکەی(لەش)ە؛ لە هندی کۆندا: (-ātmān) (ڕۆح)ە؛ جێناوی عایدیەت و کەسیی (maga) لەهەنگاریدا: (لەش)و (ناخی دڵ)ە.

لەزمانە ئەڵتایکانیشدا، جێناوی (عایدیەت – دیاریکردن) کە بەرامبەر بە (سام)ی ڕووسین، دیسانەوە لەو وشانەوە پەیدابووە کە واتای (لەش)یان گەیاندووە.[١٠]

هەر دەربارەی ئەسڵی واتای ئەو جێناوە، مایتینسکەیا دەڵێت: ئێمە پێشتر نموونەمان بۆ ئەو جێناوە هێنایەوە کە لەبناغەدا، (ناو)بوون. بۆ کامڵکردن و تەواوکردنی ئەو مەبەستە، ئەوا لە گرووپی زمانی تر کە لە جنس و سنوورو ناوچەدا، جیاوازن، چەندین وێنەی تر، دەخەینە بەرچاو.

لە گرووپی زمانە مەنغول و تونغۆکاندا، ئەم جێناوە، دەچێتەوە سەر ئەو وشانەی کە واتای (لەش)یان بەخشیووە.

لەزمانی غۆلدی (نانایی)دا لەوشەی (beje)ەوە پەیدابووە کە واتای (پیاو)و (لەش)ی گەیاندووە.

لەزمانی گورجیدا، واتای (عایدیەت) زۆر کات لەوشەی (tåvi) کە (سەر)ە، وەرگیراوە، بۆنموونە ڕستەی (čems tåvs vap åseb) واتە (من ڕێزی خۆم دەگرم.) بە پیتەکی : (من ڕێزی سەرم دەگرم.).

لەزمانی (هاوس)ی ئەفریقیا کە یەکێکە لە گرووپی سامی و حامی، ئەم جێناوە بەئەسڵ وشەی (سەر)ە.

لەزمانی (شیلوکی) ئەفریقیا لە وشەی (ré) واتە (مرۆڤ)و (لەش) وەرگیراوە.

مایتینسکەیا ئەوەشی نیشان داوە کە (cassirer) لە زمانی عیبری و قیبتی و زمانە ئەندەنوسێکانەوە، بەنموونەی جێناوی (عایدیەت و دیاریکردن)ی هێناوەتەوە کە لەبنجدا لەم وشانەوە (لەش)، (ڕۆح)، (مرۆڤ)، (ڕوو)، (دڵ)ەوە داکەوتوون.

---

[8]– لەکوردیشدا، جگە لە (خۆ) فۆڕمی (خۆیش) لەبابەتی ئیدیۆمی وەك (خزم و خۆیش)، (خێر بۆ خۆیش نەك بۆ دەروێش) بەشێوەیەکی قەتیسماو ماوەتەوە، بەڵام لەفەرهەنگدا پووکاوەتەوەو بەگراماتیکبوونیشی ئەگەر هەبووبێت، ئەمڕۆ لەدەستی داوە، بۆیە لەم باسەدا، نەمان کردووە بەکەرەسەی لێکۆڵینەوە.

[9]– اریان پورکاشانی، ل٢٥٢.

[10]– ك. ئێ. مایتینسکەیا، جێناو لەزمانە سیتێم جیاوازەکاندا، مۆسکۆ، ١٩٦٩، ل٤٤.

ئەنجا پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە گرنگە ڕاکێشاوەو دەڵێت: ئەم جێناوانە لەزۆر زماندا، ئەوەندە نییە پەیدابوون، لەبەرئەوە شیتەڵکردن‌و وردکردنوەی ئەسڵیان، کارێکی ئاسانە. زوربەی ئەو وشانەی بەگراماتیک بوون‌و ئەو جێناوانەیان لێ کەوتوونەتەوە لەبنجدا، دەچنەوە سەر وشەی (ڕۆح، سەر، لەش)، بۆیە زۆر ڕێی تێدەچێت هەتاوەکو ئەو زمانانەی (عایدیەت – دیاریکردن) تیایاندا بەگراماتیک کراون، پێشتر، یان جاران بێ ئەوان بەڕێوەچوون. لەو زمانانەدا لەباتی ئەوەی وترابێت: (من ڕۆحم دەناسم)، وتراوە: (من سەرم دەناسم)، یا (من لەشم دەناسم).

دواتر دەڵێت: ڕێکەوتیش، نییە، فۆڕمی کەیسی ناڕاستەوخۆی جێناوی جودای کەسی یەکەم‌و دووەمی تاک‌و کۆ بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتبێن، چونکە نابن بەهۆی تێگەیشتنی غەڵەت، بۆ نموونە لە ئەڵەمانیدا، دەوترێت: (ich kämme mich)، واتە: (من خۆم قژم دادەهێنم) بەپیتەکی دەبێت بە (من قژی من دادەهێنم) ؛ (du kämmst dich) واتە (تۆ خۆت قژت دادەهێنیت). بەپیتەکی دەبێت بە: (تۆ قژی تۆ دادەهێنیت).[١١]

ئێستا، زانیمان کە لە زۆر زمانی جیاواز لەجنس‌و گروپ‌و ناوچە، چەمکی عایدیەت، یا دیاریکردن، یا دەست نیشان کردن، یا سنووردانان، بەگشتی بە وشەی بابەتی: {(ڕۆح)، (سەر)، (لەش)، (ڕوو)، (سنگ)، (دڵ)، (ناخی دڵ)، (مرۆڤ)، (پیاو)}گەیێنراوە، بەڵام هەروەك مایتینسکەیا ئاماژەی بۆ کردووە لە زۆر زماندا (ڕۆح، سەر، لەش) ڕۆڵی سەرەکیان لە گەیاندنی ئەو چەمکەدا بینیوە.

لەو زمانانەشدا، وەك بینیمان گروپی هندو ئەوروپایی‌و هندوئێرانیشی تیادابوو، زمانی کوردیش کە یەکێکە لەوان، بەپێی هەموو لۆگیك‌و بەبۆچوونی ئێمە هەر دەبێت کەڵکی لەو سێ وشە سەرەکیە، واتە (ڕۆح، سەر، لەش) بۆ ئەو مەبەستە وەرگرتبێت، کە بەو دیاگرامەی خوارەوە نیشانی دەدەین:




وەك بۆمان دەرکەوت، واتای بنجی (خۆ) بەرهەمی پاڵاوتەو خستەوەبووی چەمك‌و واتای ئەو سێ وشە گرێدراو بەیەکداچوونەیە، کەواتە لە جەوهەردا، وشەیەکی ئاسایی نییەو هەروا بەئاسانیش، لەدایك نەبووە،[١٢] بەڵکو لەئەنجامی پرۆسەیەکی قورس‌و گران‌و ئاڵۆزو درێژخایەن لە مێشکدا تاوتوێ کراوە، ئەنجا هاتۆتە دنیاوە، هەر بۆیە سروشتی پێکهاتنەکەشێتی وای لێ کردووە کە لە سینتاکسدا، خاوەنی هەندێ تایبەتێتی ئەوتۆ بن کە لەوشەی تردا، نەبن، {(بۆ زانیاری دەربارەی ئەو تایبەتیانە، بڕوانە (چوارەم بەش)}

لەو سەرچاوانەدا کە ئێمە کەڵکمان لێ وەرگرتوون، وشەی (ڕۆح) پێش (سەر)و (سەر)یش، پێش (لەش) خراوە.

ئەم ڕیزکردنە، هەروا بێ‌بیرکردنەوە، نەکراوە، چونکە هەر (ڕۆح)ە دوانەکەی تر بەدوای خۆیدا، دەهێنێت‌و بە فەوتان‌و دەرچوونیشی ئەوانی تریش، تیادەچن، کەواتە لەقاڵب‌و سنوورێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراودا، هەرسێکیان لەیەکتری ئاڵاون‌و زۆر بەتووندی پێکەوە گرێ دراون.

---

[11]–مایتینسکەیا، ل٢٦٨– ٢٧١.

[12]– دەربارەی لەدایك بوونی وشە، بڕوانە: د.فاروق عومەر سدیق، لەدایك بوونی وشە، سلێمانی، ٢٠١١.

لە تایبەتێتە هەر گرنگەکانی واتای وشەی لەبابەتی: (ڕۆح، سەر، لەش، ڕوو، سنگ، دڵ، ناخی دڵ، مرۆڤ، پیاو) لەوەدایە کە وەك ناولێنەر، ناولێنراوەکانیان، کەرت و دابەش ناکرێن و شەراکەت قبووڵ ناکەن، واتەناولێنراوەکان سنووری دیاریکراوی خۆیان هەیەو بەوانەوە بەستراونەتەوە. هەر کەسێك، یا هەر گیانلەبەرێك بگریت، یەك (ڕۆح)و یەك (سەر)و (لەش)ی هەیەو تایبەتن تەنیا بەوەوە، واتە، دوو مرۆڤ لەیەك ڕۆح و سەرو لەشدا، نابن بە شەریك، تۆ یەك مرۆڤیت لەت ناکرێیت بۆ دوو، تۆ پیاوێکیت، دابەش، نابیت بە دوو پیاو، دەم و چاو ڕوو و دڵیش بەهەمان شێوە بەسەر دوو مرۆڤ، یا زیاتردا، دابەش نابن، واتە لەشوێنی خۆیان، چەسپاون و ناترازێنرێن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سروشت و جەوهەری ئەم پێکهاتەیە کە لە مرۆڤ خۆیدا، کۆبوونەتەوە، سەرنجی خەڵکیان لە زۆر کۆنەوە ڕاکێشاوەو بوون بەنموونەیەکی هەرە بەرزو پتەوی گەیەنەری چەمك و واتای (دیاریکردن)ن لەزۆر زماندا و لەهەمووشیاندا، ئەو جۆرە وشانە دەچنەوە سەر ئەو وشە ڕەگ داکوتراو و چست و چالاکانەی کە فەرهەنگی بنەڕەتی زمان، پێك دەهێنن، ئەمەش، نیشانەی وەك یەك تێگەیشتنی مرۆڤە لەژیان و بەیەکچاو سەیرکردنیانە لە سروشت و دەوروبەری لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە، بەڵگەی چوون یەکییانە لە سەرهەڵدان و دەربڕینی هەندێ چەمك و واتادا کە بەلای هەموو مرۆڤێکەوە لەگشت سات و زەمانێکدا، پێویست و گرنگیی و تایبەتێتی خۆیان هەیە، یەکێك لەوانە (دیاریکردن، یا سنووردانان)ە.

چەمکی عایدیەت و سنووردانان بەستنەوەو دیاریکردنی شتێك بەشتێکەوە پێش پەیدابوونی زمانیش، جێگایەکی تایبەتی لەهۆش و بیرو مێشکی مرۆڤدا، داگیرکردووە. ئادەمیزاد بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی عایدیەتی شتێك بەکەسێکەوە، یا بەشتێکی ترەوە کە مەبەستی بووبێت لەدنیای دەرەوەی زماندا، هەمیشە بەکردەوە ئەو خواستەی هێناوەتە دی، پێکەوەنانی خێزان و دروستکردنی ماڵ و حاڵی تایبەت بەخۆی و خێزانەکەی و پەرژین و شورا لێدان بەدەوری ماڵ و موڵکی خۆیدا لەو هەوڵانە بوون کە لەپێناوی جیاکردنەوەی شت و مەکەکانی خۆی بوون لەهی خەڵکی و بەپێچەوانەشەوە هی خەڵکی لە خۆی، داونی. ئەم هەنگاوانەش، گشتیان چوونەتە چوارچێوەی پراکتیکەکردنی چەمکی (دیاریکردن)ەوە.

پاش پەیدابوونی زمان، چەمکی دیاریکردن و سنووردانان، هەموو کەرەسە زمانێکانی هەر لەبچوکترینیانەوە کە فۆنیمە تا دەگاتە گەورەترینیان کە ڕستەیە، گرتۆتەوە.

(شۆرو چیمەدانۆڤ) دەربارەی چۆنیەتی سنووردارکردنی ژمارەی فۆنێم نووسیویانە: هەموو دەنگێکی قسە {مەبەست لە (فۆن)ە، وەرگێڕ} بەرهەمی زنجیرەیەکی ئالۆز لە جوڵەی پێکەوە بەستراوی تەلەفوزکردنە کە نەك تەنیا پەیوەندی بەو دەنگە خۆیەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بەدەنگە دراوسێکانیشێوە، هەیە، ئەمە لە پراکتیکدا، بەرەو ئەوە دەڕوات کە لە هەر زمانێکدا، ژمارەیەکی بێسنوور لە دەنگی جیاواز، هەبێت، بەڵام کاتێك باس لە سستێمی دەنگی زمانێك، یا زمانێکی تر، دەکەین، ئێمە ئەو دەنگە هەمەچەشنە بێسنوورانە دەگوشین بۆ زۆر سنووردارو ژمێراو، ئاسایی سێ دەیی – چوار دەیی، ژمارەی دەنگی نموزەجی (فۆنیم: (وەرگێڕ))ی ئەو زمانەیە.[١٣]

بۆ نیشاندان و دەرخستنی زیاتری چەمکی دیاریکردن، یا سنووربۆدانانی لە کەرەسە، یا دانە زمانێکاندا بە پەسەندمان زانی سوود لەو نەخشەیەی بەناونیشانی (پەیوەندی دانەکان لەئاستی

---

[13]– ر. ئۆ. شۆر و ن. س. چیمەدانۆڤ، سەرەتایەك لە زمانەوانی، مۆسکۆ، ١٩٤٥، ل٥٢.

زماندا)یەو لەلایەن (ستیپانۆڤ)ەوە لەسەر بناغەی شێوەی کۆنکرێتی، یا هەستپێکراو و شێوەی ئەبستراکتی دانەکان، ڕێکخراوە، وەربگرین:

**پەیوەندی دانەکان بەئاستەکانی لە زماندا[١٤]**




[14]– یو. س. ستیپانۆڤ، بناغەی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٧٥، ل٢٢٠.

وەك دەبينين، شێوە كۆنكرێتێكان سنووری بەكارهێنانیان كراوەیەو لەژماردن نایەن بەپێچەوانەی ئەمانەوە، ئەبستراكتێكان لەژمارەو ئەو ئەركانەی پێیان دەسپێرێت، سنووردارو دیاریكراون. بەم جۆرە وشەی (خۆ) ڕەگ ڕیشەیەكی قووڵی هندو ئەورووپایی هەیەو واتا بنجێكەشی دیسانەوە هەڵقووڵاو بەرهەمی هۆش‌و بیری ئەوانە. بەباشمان زانی كۆتایی ئەم بەشە بەم نەخشەیە بێنین كە تیایدا، هەندێ لەو وشانە نیشاندراون كە دەچنە فیلدەواتای گرنگ‌و فراوانی (دیاریكردن‌و سنووردانان)ەوە:



## سێیەم بەش

دەتوانرێت بوترێت کە کۆنترین فۆڕمی (خۆ) کە (خوت)ە جگەلەوەی لەهەندێ پێکهاتەی ئیدیۆمیدا بە قەتیسماوی ماوەتەوە، ئەمڕۆ لەکارکەوتووە. فۆڕمی داکەوتووش لەو کە (خود)ە لەئەنجامی ئیکۆنۆمی ئەمیش، بووە بە (خۆ).

(خود) لە کوردستانی ئێران لە سازکردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی وشەی لەبابەتی: (خودبینی، خودپەسەن، خوددار، خودسەر، خودسەری، خودگیری)[15] بەرچاودەکەوێت. بەکارهێنانی (خود) لەوێو لەم ساڵانەی دوایشدا، زیاتر کە لەزمانی نووسینی خوارووشدا، دەبینرێت، دەشێ بەکارتێکردنی هەردوو زمانی کوردیو فارسی بۆ سەریەکتری، لێك بدرێتەوە، ئەگینا حاڵی حازر لەولاش‌و لێرەش لەقسەکردن‌و نووسینشدا، فۆڕمی چست‌و چالاك‌و بەبەرهەم، هەر (خۆ)یە.

وەك لە دووەم بەشدا، زانرا، وشەی (خۆ) لەجەوهەردا، خاوەنی چەمك‌و واتایەکی سەخت‌و گران‌و ئاڵۆزە، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەو پێکهاتانە بەیارمەتی ئەو سازبوون، ئەو تایبەتێتانەی ئەویان تێدا، کۆبۆتەوەو بەگشتی سروشتی ئیدیۆمی بەسەریانەوە، زاڵە.

زمانەوانان تاکو ئێستا لەباسی جەوهەری ئیدیۆمیدا کە پێکهاتەیەکی پێشتر ئامادەکراوی زمانییەو بەردەوام دووبارەو سێ بارە دەبێتەوە، یەك ڕا، نیین، هەر بۆ نموونە لەسەر ئەوەی کام پێکهاتە زمانییە دەچێتە ناو ئیدیۆم‌و کامیان ناچێت، کۆك نیین، بۆیە دەبینین هەندێ زمانەوان (مەقولە)ش کە تیایدا وشەکانی بەوپەڕی مانا بەکارهاتوون‌و دانەرو نووسەریان هەیە لەگەڵ پەندی پێشینان‌و قسەی نەستەقیش کە ئەمانیش، پێکهاتەی پێشتر، ئامادەکراون، دەخەنە ناو ئیدیۆمەوە.[16]

ئەو جیاوازیی بیروڕایە لەپۆلێن کردنەکەشدا، ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەوەی زمانەوانی فەرەنسایی (ش. بالی CH. Bally) کە تیایدا، پشتی بەتێکەڵی‌و بەیەکدانووساویی سیمانتیکی بەستووەو بەنەخشە لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەك لە ستایل، ژنێڤ، ١٩٠٥)دا، بڵاوی کردۆتەوە، سەرنجڕاکێش‌و لەبارو تەواوەو تا ئەمڕۆ کاری پێ‌دەکرێت.[17]

تیۆری (بالی) لەلایەن (ڤ. ڤ.ڤینۆگرادۆڤ)ەوە مشتوماڵ کراوەو زیاتر، وردکراوەتەوەو ئیدیۆمی بەسەر سێ پلەدا، دابەش کردووە:

(سورێشی[18]، یەکگرتوو، لێکدراو) دواتر لەزمانەوانیدا، پلەی چوارەمیشی بۆ زیادکراوە کە (دەربڕاوی ئیدیۆمی)یە.[19]

---

15- هەژار، ل٢٥٠

16- یو. س. ستیپانۆڤ، ل٥٧.

17- ن. م. شانسکی، لێکسیکۆلۆژی زمانی ڕووسی ئەمڕۆ، مۆسکۆ، ١٩٧٢، ل١٦٨، ١٩٦، ١٩٨.

18- زاراوەی (سورێشی) بە کاڵکە لە (سرەشینێ)ی ڕووسیەوە، سازکراوە بەبۆچوونی ئێمە، هەردووکیان ڕەگێکی هاوبەش کە (سورێش)ە، کۆیان دەکاتەوە.

19- یو. س. ستیپانۆڤ، ل٥٧.

وەك دەردەکەوێت، تیۆرەکەی (بالی) وەزنی تایبەتی خۆی هەیەو لە زمانەوانییدا تاکو ئێستا، ئیشی پێدەکرێت، بۆیە جێی خۆیەتی، ئەگەر ئێمەش، ئیدیۆمەکانمان هەر لەسەر بناغەی ئەو تیۆرییە، پۆلێن بکەین. ئامانجیشمان لێرەدا بەتایبەتی بۆ ئەوەیە بزانین، ئەو ئیدیۆمانەی (خۆ) بەشداری سەرەکی لەسازکردنیاندا، کردووە. بەرکام گروپ لەو چوار گروپە، دەکەون، زۆر بەکورتی تایبەتێتی هەر گروپێك بەتەنیا، دەخەینەڕوو:

١- **ئیدیۆمی سورێشی:**

لەهەرسێ گروپەکەی تر، زیاتر، وشەکانی بەیەکدا، نووساون‌و تێك چرژاون، وشە بەتەواوی سەربەخۆیی خۆی لەدەست داوە، واتای ئیدیۆمەکە لە واتای یەك بەیەکی وشەکان، پێکنایەت.

ئیدیۆم کە بەدانەیەکی فەرهەنگ، دەژمێرێت، وەك وشە فەرهەنگێکان، سەرهەڵدان‌و مانەوەو فەوتاندنی بەندە بەو گۆڕانانەی کە لەپەیوەندێکانی کۆمەڵدا، بەردەوام ڕوودەدەن، ئێمە لە کوردیدا، حاڵی حازر، ئیدیۆمی سورێشیمان، زۆر نییە، بەڵام دەشێ بەنموونە، هەندێ ئیدیۆم بهێنینەوە کە تیایاندا وشەیەك، یا زیاتر بەڕێگای ئێتمۆلۆژی نەبێت، نەتوانرێت، درك بەواتا ئەسڵێکەی بکرێت، یاخود لە دیالێکتێکدا، بەکاربێت لەوانی تردا، نەبێت، یا لەکارکەوتبێت، وەك: کۆستی کەوتووە. {کۆست لەپەهلەویدا (kostə k)}ەو واتاکەشی (لا) واتە، تەرەف، یا دیوار}ە.[٢٠] ؛ سۆلەسۆگلۆلۆلەپۆ. سۆ (بنەماڵەو وەچەیە)، پۆ (ئەو شتەیە کە لەسەر رایەل ئەتەنرێ). ؛ سۆرە لەتێ زۆرە. سۆرە (خزمی مێردە لەشوبراو دش‌و خەسوو).[٢١]

٢- **ئیدیۆمی یەککگرتوو:**

لێرە وشەکان کەمتر بەیەکدا، دەنووسێن، واتاکەی لەتاك تاکی وشەکانەوە نایەت، بەڵکو هەموویان بۆ گەیاندنی واتایەکی گشتی پاڵ دەدەنە پاڵ یەك، ئەوەندە هەیە، واتا گشتێکە تاڕادەیەك بەهۆی سەربەخۆیی واتای تاك تاکی وشەکانەوە، لێڵ نییە. ئەم جۆرە ئیدیۆمە، سروشتێکی میتافۆڕی هەیە، وەك: سەری پێبسپێرە؛ سەرە واوی لەسکدا، نییە؛ قسەکانی بەرد دەکا بەئاو؛ ئاو لەدەنگدا ئەکوڵێنێ؛ ئاوی پێ داهات؛ ئاوی کردە ژێر؛ ئاو لە بێژنگدا، ناوەستێت؛ ماڵی لەوپەڕی دونیایە؛ بەسەر دونیاوە نیم؛ کێچ کەوتۆتە کەوڵی؛ ئاگر ئەکاتەوە؛ لەسەگ سواڵ ئەکات؛ هیچی لەباردا، نییە؛ هی تریش.

٣- **لێکدراو:**

لەم چەشنەدا، هەست بەکەمترین نووساویی بە کەرەسکانیەوە، دەکرێت، لەبەرئەمە لە فرێزی کراوە، نزیك دەبێتەوە. لێرە، وشەیەك، بۆی هەیە بە واتای سەربەخۆی خۆی بەکاربێت‌و یەکێکی تریان بەمیتافۆڕ، وەك: کات کوشتن؛ دەست شتن؛ دەست درێژکردن؛ دەست هەڵگرتن؛

---

[20]– ر. ئابرامیان، فەرهەنگی پەهلەوی – فارسی – ئەرمەنی – ڕووسی – ئینگلزی، یێریڤان، ١٩٦٥، ل١٦٤.

[21]– شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٥٨.

پارەپەیداکردن؛ پارەخواردن؛ خەم خواردن؛ قۆڵبڕین؛ مارەبڕین؛ سەردانان؛ قاچ خواردانان؛ پشت گرتن؛.......هی تریش.

## ٤- دەربڕاوی ئیدۆمی:

بەو پێکهاتە چەسپاوانە دەوترێت کە لە وشەی سەربەخۆ، پێك هاتوون، بۆیە دەکرێت بەپێی واتا شیتەڵ بکرێنەوە، ئەمانە لەکاتی قسەکردندا، سازنابن، بەڵکو هەمیشە بەئامادەکراوی بەکاردێن،[٢٢] وەك: بەخێرهاتنی گەرم؛ وەرگرتنی ئەندازە؛ کورەی ئەتۆمی؛ زمانی زبر؛ چەکی کۆکوژ؛ گۆڕی بەکۆمەڵ؛ بدە ڕەنج، بخۆ گەنج؛ هەرکەسێ سمێڵی سوور بوو هەمزاغانییە.....هی تریش.

دوای بەسەرکردنەوەیەکی خێرایی جۆرەکانی ئیدیۆم، ئێستا بۆ تێگەیشتن لەسروشتی ئەو وشەو پێکهاتانەو واتاکانیان کە بە بەشداری (خۆ) سازێنراون‌و ئەمڕۆ وەك دانەی فەرهەنگی لەکاردان لەگەڵ دەرخستنی پێزو توانای لە بواری وشەسازیدا بەباشی دەزانین لەڕێگای بەرهەمەکانییەوە کە کردومانن بەسێ گروپ بەو ئامانجە بگەین.

## یەکەم گروپ:

بریتین لەبابەتی: (خۆکرد، خۆخۆر، خۆپەرست، خۆبەش، خۆهەڵکێش، خۆڕاگر، خۆبەزل زان‌و....هتد.) کە وشەی لێکدراون، (خۆیی، خۆیەتی، خۆیاتیی، خۆپەرستی، سەربەخۆیی، خۆماڵی‌و.....) کە داڕێژراون.

## دووەم گروپ:

دیسانەوە هەر لەفەرهەنگدا، بەڵام ئەمجارەیان ڕوومان بەڕووی ژمارەیەکی بێشوماری (ناوی ڕووداو) دەبێتەوە، وەك: خۆشتن، خۆکوشتن، خۆسووتاندن، خۆخنکاندن، خۆخەڵەتاندن، خۆخەریك کردن، خۆتووش کردن، خۆڕزگارکردن، خۆنەجات دان، خۆحەشاردان، خۆمەڵاسدان، خۆتۆراندن، خۆفێرکردن، خۆناساندن، خۆبەدوورگرتن، خۆهەڵکێشان، خۆهەڵواسین، خۆفرۆشتن، خۆخواردنەوە، خۆنانەوە، خۆشاردنەوە.......).

## سێیەم گروپ:

بریتین لە: (خۆۆی لێ گۆڕاوە، خۆی بەکەس نادات، خۆی بەکەس ناگۆڕێتەوە، لەخۆیی بایی بووە، گوێی خۆی لێ کەڕ کردووە، لەدەمی خۆی گرتۆتەوە، خۆی لەبەرچاوکەوتووە، خۆی کردووە بە پەند، بەخۆیدا چۆتەوە، بەخۆیدا ڕادەپەڕموێت، لەخۆیەوە تەماشا ئەکات، خۆی نادا بەدەستەوە، خۆی زۆر لەلا موهیمە، سەری خۆیی نییە، بەدەست خۆی نییە، خۆی لەلاتەوقە، وەك

[٢٢]– بڕوانە: شانسکی، ل١٩٨– ٢٠٣" بەرانیکۆڤا، ل١٥٧ – ١٦١.

مانگا خۆی ئەلێسێتەوە، ئەڵێی کەس نییە، خۆی نەبێت، وەکو دایکی خۆهەڵکێشەو........) کە ئیدیۆمن.

بەسەرنجدان لەو سێ گروپە، دەگەینە ئەم ئەنجامانە:

١- سروشتو پێکهاتنی هەرسێکیان، ئیدیۆمییە، یەکەمو دووەم دەچنە ناو ئیدیۆمی لێکدراوەوە، سێیەمیان ئیدیۆمی یەکگرتوون.

٢- لەیەکەمو دووەمدا، (خۆ) بەواتای (نەفس، یا زات) بەکارهاتووە، بەڵام لە سێیەمدا (خۆ) بەگراماتیک کراوەو گەیەنەری چەمكو واتای (دیاریکردن)ە.

٣- ئەوەندەی ئێمە بۆمان دەرکەوتووە، لەڕووی بەپێزییەوە، دووەمو سێیەم، لەیەکەم بەپێزترن.

کەواتە (خۆ) لەسازکردنی وشەو پێکهاتەی نوێو دەوڵەمەندکردنو گەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، وشەیەکی چستو چالاکی بێوێنەیە.

## چوارەم بەش:

وەك، ئاشکرایە، هەر وشەیەك بگریت، خاوەنی چەندین تایبەتێتی لێکسیکیو گراماتیکی خۆیەتیو سەر بە کەتیگۆرییەکی دیاریکراویشە. یەکێك لەتایبەتێتیە گراماتیکیە سەرەکێکانی کە پێویستە لە سینتاکسدا لە وشەیەکدا، هەبێت ئەوسا بە (ناو) دابنرێت، بریتییە لەوەی کە ڕاستەوڕاست بەسەربەخۆیی بتوانێت بچێتە فرێزی بکەریو بەرکارو تەواوکەرەوە، ئەگەر ئەوەی لەباردابوو، بێگومان، دەشتوانێت جێی دەرخراوو دەرخەریش، دیسانەوە هەر بەسەربەخۆیی بگرێت. ئەو تایبەتیانە جۆرێکی تریش لەوشە دەبێت بەخاوەنی کە پێیان دەوترێت (جێناو)و لەویشدا، زیاتر، جێناوی کەسی جوداو ئیشارەت.

جگەلەو تایبەتێتە سینتاکسییە گشتیانە، (ناو) لە دیالێکتی خواروودا خاوەنی هەندێ تایبەتێتی مۆرفۆلۆژی خۆشێتی لەوانە: ناو، مۆرفیمی (-ەکە)ی دیاریکردنو (-ێك)ی شاردنەوەو دیاریکردنو (-ان)ی کۆ بۆ گەیاندنی واتای گراماتیکی دەچنەپاڵی.

لەڕاستیدا، هیچ یەکێك لەو تایبەتێتە سینتاکسیو مۆرفۆلۆژیانەی سەرەوە، وشەی (خۆ) ناگرنەوەو ناشچن بەلایدا، بۆیە لەهەر شوێنێكو بەهەر فۆرمێكو هەر ئەرکێکی بەجێهێنا، نابێت نەحسابی (ناو)، نە (جێناو)ی بۆ بکرێت، بەڵکو پێویستە، وەك وشەیەکی بەگراماتیککراو کە ئەرکی دەربڕینی چەمکی (دیاریکردن)ەتەماشا، بکرێت.

بەرلەوەی سروشتی کارکردنی (خۆ)و جۆرو شوێنو فۆڕمە جیاوازەکانی بەیان بکەین، بۆ بەرچاوڕوونیو تێگەیشتنی زیاتر لە واتاو ئەرکی (خۆ) بەباشی دەزانیین کە لە زمانێکی ئێرانی ڕۆژئاواو نزیكو هاوگروپی کوردی کە فارسییە بەکورتی لەچەشنو ئەرکی سیتاکسی هاوڕەگەزێکی (خۆ) کە لەوێ (خود)ە لەگەڵ دەرخستنی ئەركو واتای گروپێك کلیتیکی کارکردوو لەتەکیدا، وربینەوە.

(ڕستەرگوێڤا) نووسیوێتی کە: جێناوی کلیتیك دەنووسێت بە پاشکۆی وشەوەو سترێسی

ناچێته سەر، فۆڕمەکانیان دوای کۆنسۆنانت بریتین لە(-َم، -تَ، -شَ، -مِان، -تِان، -شِان)، دوای ڤاوڵیش، ئەمانەن: (-یم، -یت، -یش، -یمان، -یتان، -یشان)، ئەرکی سەرەکییان (دیاریکردن)ە، وەك: کتابم، کتابت، کتابش، لە حاڵەت (کۆ)دا، دەچێتە سەر کۆتایی نیشانەی (کۆ) دەکەوێتەوە ناوەڕاستەوە، وەك: کتابهایم.

(ڕستەرگۆیڤا) لەباسی جێناوەکاندا، (خود)ی بەجێناوی (دیاریکردنو گەڕاوە) داناوەو نووسیوێتی کە: (خود) لەگەڵ جێناوە کلیتیکەکاندا، یەك دەگرێتو بەوەش، زیاتر کۆنکرێت بۆخۆی پەیدادەکات، وەك: خودم، خودت، خودش، خودم گفتم، کتاب خودم.

جێناوی کەسی، یان هەر ناوێکی تر، دەتوانێت لە پێکهاتەی ئیزافەدا، ببن بە (دەرخەر) بۆی، وەك: خود من، خوددانشیار.

پەیوەندییە سینتاکسێکانی تر بەیارمەتی پرییپۆزشنو پۆست پۆزیشن، سازدەبن، وەك: خودم یا، بخودم.[٢٣]

هەرچەندە باسەکەی ڕەستەرگۆیڤا لەچوارچێوەی گراماتیکی فارسییدایە، بەڵام بۆ ئێمەش، پڕ سوودەو دەتوانین بەم ڕاستیانە، بگەین:

١- لەکوردیدا کلیتیکەکانی (-م، -ت، -ی، -مان، -تان، -یان) بەرامبەر بە کلیتیکە فارسێکان ڕادەگرین، تەنیا جیاوازییەك کە بەدی دەکرێت لە کەسی سێیەمی تاكو کۆ دایە، ئەو لەیەکچوونە زۆرە نیشانەی یەك ئەسڵییانەو بۆرە جیاوازێکەش، دەرخەری سەربەخۆیی هەر یەکێکیانە. لە کوردیشدا، دەوترێت: (کتێبم، کتێبت، کتێبی، کتێبمان، کتێبتان، کتێبیان)، کەواتە گومان لەوەدانییە کە ئەرکی سەرەکی ئەو گروپە کلیتیکە لە کوردیشدا، هەر (دیاریکردن)ە.

٢- لەفارسیدا، (خود) بەیەکگرتنی لەگەڵ کلیتیکەکاندا، وەك زانرا، زیاتر کۆنکرێت، دەبێت، واتە زۆرتر، بەرگویو بەرچاو دەکەوێت، هۆکەشی ئەوەیە کە (خود) دیارکەرەو کلیتیکەکانیش، هەر دیارکەرن بەچوونە پاڵ یەکترییان، کەرەستەیەك سازدەبێت کە هێزو توانای دەربڕینو گەیاندنی چەمکی (دیاریکردن)ی گەلێك زیاتربێت، وەك لەوەی بەتەنیابن، کەواتە لە کوردیشدا، چەسپ بوونی (خۆ) بەکلیتیکەکانەوە، هەمان ئەنجام بەدەست دێنن.

(ناتل خانلری)یش، ئاماژە بۆئەوە دەکات کە: لەفارسیدا، سێ (ضمیر مشترك)، واتە جێناوی هاوبەش، هەیە: (خود، خویش، خویشتن)، لەفارسی ئەمڕۆدا، (خود) بەزۆری لەگەڵ کلیتیکەکاندا، یەك دەگرێت، لەم حاڵەتەدا، ئەوان چەمکی دڵنیایی بە (خود) دەبەخشن، بەڵام (خویشو خویشتن) کلیتیکیان پێوە، چەسپ، نابن.[٢٤]

(فرشیدورد)یش نووسیوێتی کە: (ضمیر مشترك) ئەوەیە، کە بۆ هەر شەش (صیغە) واتە (کەس لەکوردیدا - وەرگێڕ) یەك وشەی هاوبەش بەکاردێت کە ئەمانەن: (خود، خویش، خویشتن)،

---

[23]- ڤ. س. ڕەستەرگۆیڤا، (کورتەیەکی گراماتیکی فارسی) لە پاشکۆی: ب.ف. میللەر، فەرهەنگی فارسی - ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٠، ل١١٠١- ١١٠٨، ١١١٠.

[24]- دکتر پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، چاپ بیستو دوم (باتجدید نظر) تهران، ١٣٨٨، ص٢٥٣.

وەك: (من خود رفتم، تو خود رفتی،........؛ من برادر خویش نامە نوشتم.)، لەقسەکردن‌و گفتوگۆکردندا بۆ دڵنیایی‌و بەهێزی، (خود) بەکلیتیکە غەیرەز بکەرێکانەوە، چەسپ دەبێت، وەك: (خودم، خودت، خودش، خودمان، خودتان، خودشان)، ئیتر شێوەی (خودم، خودت،.....) ناتوانرێت بەجێناوی هاوبەش، ناوببرێت، چونکە لەم حاڵەتەدا، وشەی هاوبەش لەکاردا، نییە، بەڵکو بۆ هەرکەسێك، وشەیەکی جیاوازمان، هەیە.[٢٥]

وەك دەردەکەوێت، (ناتل خانلری)و (فرشیدورد) لەسەر ئەوە کۆکن کە کاتێك کلیتیکەکان، دەچنە پاڵ (خود) دڵنیایی‌و بەهێزیی پێ‌دەبەخشن.

(فرشیدورد) ئاماژەی بەخاڵێکی زۆر گرنگ کردووە، ئەویش، ئەوەیە کە بەڕای ئەو، کاتێك کلیتیکەکان بە (خود)ەوە چەسپان‌و فۆڕمی وەك (خودم، خودت‌و......) سازکرد، ئەوا ئیتر لە جێناوی هاوبەش دەکەون‌و نابێت پێیان، بوترێت، جێناو.

## جۆرو سروشتی پێکهاتەو شوێنی ئەرك بینینی
## (خۆ) لە سینتاکسدا

سروشت‌و جەوهەرو گرنگی چەمك‌و واتای (خۆ)و پێویستی بەدەربڕینی لەهەموو کات‌و ساتێکدا لەلایەك‌و سووك‌و ئاسانی تەلەفوز کردنی لەلایەکی تر، فاکتەری سەرەکی بوون بۆ پەڕینەوەی لە دانەیەکی لێکسیمی تایبەت بۆ کەرەسەیەکی ئەبستراکتی سینتاکسی گشتی. شوێن‌و ئەرکی بەپێی پێزو فراوانی سنووری بەکارهێنانی، دەشێ بۆ ئەمانە دابەش بکرێت:

### ١- ئەرکی خۆ لەپێکهاتەی ئانافۆریدا

بەیەکگرتنی لەتەك کلیتیکەکانی: (-م، -ت، -ی، -مان، -تان، -یان) کە بەهەردوکیان پێکهاتەی ئانافۆری[٢٦] (-خۆم، -خۆت، -خۆی، -خۆمان، -خۆتان، -خۆیان) سازدەکەن،

---

[25]- دکتر خسرو فرشیدورد، دستور مفصل امروز، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٨، ص٢٤٧.

[26]- ئانافۆرا- زاراوەیەکە لەبنجدا گریکییە لە {(ana) سەرلەنوێ، دیسان + (phoros) بەجێهێنەر} سازبووە. بڕوانە: (فەرهەنگی وشەی بێگانە، چاپی هەشتەم، مۆسکۆ، ١٩٨١، ل٣٨). ئانافۆرا، ئاماژە بەو وشەیە، یا ئەو وشانە دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆی‌و پێشتر باسکراوە. بڕوانە: (ئۆ.س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل٤٧)

لەوتارو بەتایبەتی لەوتاری حەماسیداو لەبەرهەمی ئەدەبیشدا، ئانافۆر زۆر بەرچاودەکەوێت، بەنموونە لای (گۆران):

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپـــــەڕین
هەتاکەی بەسستی‌و بەپەستی بژین

نەورۆز ئەکەم، نەورۆز ئەکەم
نەورۆزێکی بەسۆز ئەکـــەم

باوکم نابێ بێ‌کار بـــێ

بەبەراورد لەگەڵ فۆڕمە بەکارهاتۆکانی تردا، پلەی یەکەم و ڕیزی پێشەوەو پشکی شێر لەبەکارهێنانی (خۆ)دا، داگیر، دەکەن.

وەك، زانرا، (خۆ) گەیەنەری چەمك و واتای (دیاریکردن و سنووردانان)ە، ئەو گروپە کلیتیکەش کە پێوەی چەسپ دەب، ڕەگ و ڕیشەیان لەگەڵ کلیتیکە فارسیکانی (-م، -ت، -ش، -مان، -تان، -شان)دا،یەکە، جا ئەرکی سەرەکییان، هەروەك ڕەستەرگۆێڤا لە فارسیدا، بەیانی کردووە، (دیاریکردن)ە، لەکوردیشدا ئێمە بەقەناعەت و بێگومان، دەتوانین بڵێین کە ئەو گروپە کلیتیکە لەو پێکهاتە ئانافۆرییەو لە هەر شوێنێکی تریشدا، کار بکەن دەربڕی چەمکی دیاریکردن و سنووردانانن بەیەکگرتنیشیان لەگەڵ (خۆ) لەو پێکهاتەیەدا بەهەردووکیان کارێکی وایان کردووە، گڕو فوویەك و هێزو توانایەکی گەلێ زۆرتر بەمرۆڤ بدەن کاتێك بیەوێت زۆر بەزەقی کەرەسەیەك کە پێشتر باسکراوە لەڕووی دیاریکردن و سنوور بۆدانانەوە کۆنکرێت بکات، یا زیاتر دانی پێدا، بنێت. ئەم ئانافۆرانە دەبن بەفرێزێك کە لەفرێزی گەورەی وەك: (بکەر، بەرکار، تەواوکەری کار، دەرخەر، ئەدڤێربەڵ)دا، ئەرك دەبینن، واتە لە ڕاستیی و لەبنجدا، ئەمان، نەبکەر، نەبەرکار، نەتەواوکەری کار، نەدەرخەر نەئەدڤێربەڵن، بەڵکو وەك فرێزێك، ئەرکی خۆیان لەناو ئەو فرێزە پان و بەرین و بێسنوورانەدا، بەجێ دێنن. کاتێکیش، بەرداشی ئیکۆنۆمی بەرکارو تەواوکەری کارو دەرخەرو ئەدڤێربەڵە ڕاستەقینەکان کە لای مرۆڤ ئاشکران و بەمەزندە درکیان، پێدەکات، تیادەچن، ئەوا، ئەمان، تەنیا (فۆرمانە) جێی ئەوان، دەگرنەوە.

بەلای ئێمەوە بەکارهێنانی زاراوەی (فرێزی خۆیی) بۆ ئەم جۆرە پێکهاتە ئانافۆریانە بەپەسەند، دەزانین، لەبەرئەوە، هەر بەو زاراوەیە، ناویان، دەبەین.

ئێستاش چەند نموونەیەکی بەکارهێنانیان دەخەینە بەرچاو:

١- لەفرێزی بکەریدا:

ڕستەیەکی بێفرێزی (خۆیی)




---

ڕووت و قووت و هەژار بێ
دایکم فرمێسکی خەمی
وەك دڵۆپی بەهار بێ
منالێکم منالێکم، ئاشتی خواز
بڕوانە: (دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٠٤، ٤٠٥، ٤٢١)

لەو ڕستەیەدا: (من) بكەره، (-م) نیشانەی بكەره. هەر ئەو ڕستەیە لەگەڵ فرێزی (خۆیی) لەناو فرێزی بكەردا، بەم شێوەیەی لێ دێت.




لێرەشدا، دیسانەوە (من) بكەرەو (-م)یش، نیشانەی بكەره. وەك دەزانین زمانی كوردی زمانێكی (بكەرخراو)ە، بۆیە دەشێ ئەو ڕستەیە دوای لابردنی (من) ببێت بە: خۆم هاتم. لەم ڕستەیەشدا كە بكەری ڕاستەقینە لاخراوە، هەر (-م) نیشانەی بكەره. بەپرۆسەیەكی تر، دەتوانرێت، فرێزی خۆیش كە بۆ كۆنكرێت كردنی (من) خراوەتە پاڵی، ئەویش، لابرێت، ئەوسا ڕستەكە دەبێت بە: هاتم.

وەك بینیمان لە هیچ یەكێك لەو ڕستانەدا، فرێزی خۆیی نەبكەری ڕاستەقینە، نە نیشانەی بكەربوو، بەڵكو وەك، وتمان پێكهاتەیەكی ئانافۆرییەو بۆ زیاتر خستنەبەرچاوو كۆنكرێتكردنو دیاریكردنی (من) هێنراوە.

٢- لەفرێزی بەركاریدا:

ژمارەیەك (ناوی ڕووداو) وەك لە سێیەم بەشدا، باسكران بەیارمەتی (خۆ) كە كۆمپانێنتی ئەو ناوانەیە، سازبوون. كار (فیعل)ی ئەو جۆرە ناوانە لەپۆلێن كردنی كاردا، ڕووداوگێڕن[٢٧]،لەبەرئەوە (خۆ) لەسینتاكسدا، دەبێت بە بەركاری ڕستە. بۆنموونە لەڕستەیەكی وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ- <u>دزەكـــــە</u> | <u>خـــــۆی</u> | <u>شاردەوە</u> |
| ف. ب | ف. بەركار | ك |

بەبۆچوونی ئێمە دەبێت ئەو ڕستەیە لەبنجدا بەم شێوەیە پێك، هاتبێت:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ب- <u>دزەكـــــە</u> | <u>(خـــــۆ)</u> | <u>خـــۆیـــــــــــــــــــــــــــــــی</u> | <u>(-یـــــی)</u> | <u>شاردەوە.</u> |
| ف.ب | ف. بەركار | فرێزی خۆی لەناو بەركاردا بۆ زەقكردنەوە بەكارهێنراوە | نیشانەی بكەر | ك |

لەو ڕستەیەدا (خۆ) بەركارو (-یی) نیشانەی بكەر بەر بەرداشی ئیكۆنۆمی كەوتوون.

٣- لەفرێزی (دەرخەری)دا:

---

[27]- د.محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٥٣.

ڕستەیەکی وەك:

أ- ئـــــەو دەرســـــــی خـــــــــــۆیــــــــــی دەخوێنێت

ف.ب دەرخراو فرێزی ئەنافۆریەو فۆرمانە ك

چۆتە شوێنی دەرخەر

ف. بەرکار

بەبۆچوونی ئێمە (ف.بەرکار)ی ئەو ڕستەیە، بەرهەمی ئەو گۆڕانانەبووە کە بەم شێوەیە بەسەریداهاتووە.

لەسەرەتاوە ڕستەکە وابووە،

ب- ئـــــەو دەرســـــــی ئـــــــەو دەخوێنێت

ف. ب دەرخراو دەرخەر ك

ف. بەرکار

دوای زیادکردنی (فرێزی خۆیی) بۆ (ئەو)ی دەرخەر، ڕستەکە بووە بە:

پ- ئەو دەرسی (ئەو) خۆیی دەخوێنێت.

بەپرۆسەی ئیکۆنۆمی (ئەو)ی دەرخەر، لەبەرئەوەی ئەو ئانافۆرییە بەهۆی کلیتیکی (یی)یەوە، دیاریکەری کەسی سێیەمی تاکە، پێویست بەمانەوەی نەماوە.

٤- لە فرێزی تەواوکەری کاردا:

لەڕستەیەکی وەك: ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟

دوور نییە وڵامەکەی ئەمە بێت:

أ- خۆمـــــــــــــــــــم

ف.کار نیشانەی بکەری

بەبۆچوونی ئێمە، ئەم وڵامە بەرهەمی ئەم گۆڕانەیە:

ب- مـــــن مـــنــــــــــــــــــــــــــــــم

ف.ب ف. ك نیشانەی بکەری

دوای زیادکردنی فرێزی خۆی بۆ فرێزی کار، بووە بە:

ت- مـــــــن (مـــــــن) خۆمـــــــــــــــــــــم

ف.ب ف.ك فرێزی خۆیی نیشانەی بکەری

بەپرۆسەی ئیکۆنۆمی سەرەتا (من)ی تەواوکەری کارو دواتر (من)ی بکەریش، تیاچووە، ئەوەی کە ماوەتەوە ڕستەی (أ)یە.

٥- لەفرێزی ئەدڤێربەڵیدا:

ڕستەیەکی وەك:

أ- ئەو ئیشە بـــــــەخـــــــۆت دەکرێت.

ف.ب ف.ئەدڤێربەڵی ئینسترومێنت ك

دیسانەوە هەر بە بۆچوونی ئێمە ئەو ڕستەیە لەبنجدا بەرهەمی ئەمانەیە:

ب- ئەو ئیشە بـــــەتـــــۆ دەكرێت.

ف.ب ف. ئەدڤێربەڵ ك

پ- ئەو ئیشە بـــــە(تـــۆ) خـــــــــــــــــــــــــــــــۆت دەكرێت.

ف.ب ف.ئەدفێربەڵ ف.خۆی لەناو فرێزی ئەدفێربڵدا ك

ف. ئەدڤێربەڵ

لەپرۆسەی ئیكۆنۆمیدا (تۆ) تیاچووە. دەشكرێت بە مۆرفۆسینتاكس، دوا ڕستە ببێت بە:

- بەخۆت دەكرێت.

## ٢- ئەركی (خۆ) وەك پارتیكڵ

أ- لێرەدا وشەی (خۆ) بەسەربەخۆیی وەك، پارتیكڵ بەكاردەهێنرێت. مەبەست لەبەكارهێنانیشی دڵنیابوونە لە بوون و مانی سنوورێكی دیاریكراو و دەرنەچوون لێی، بۆنموونە:

- خۆ حەیایی خۆم نابەم. (واتە، لەسنوورێكی دیاریكراوی ئەتەكێتی كۆمەڵایەتی دەرناچم).
- خۆ ناكرێ هەر قسە نەكەیت. (واتە، هەر لەو حاڵەتە دیاریكراوەدا، بمێنیتەوە) )
- خۆ ئاوەكە پیس نەبوو؟ (واتە لەو حاڵەتە دیاریكراوەی پێشووی كە پاكییە نەگۆڕاوە)
- خۆ بەیانی چەژن نییە؟ {واتە سنووری (بەیانی) جارێ دیاری نەكراوە}

وەك دەبینین بەپێی گۆڕینی تۆن و ئاوازی (خۆ) ئەو جۆرە ڕستانە، دەشێ لەئاساییەوە ببن بە پرسیار.

ب- پارتیكڵی ئەم چەشنەیان (خۆی xoy)ە، بۆنموونە:

- خۆی من زانیم ئەمڕۆ باران دەبارێت.
- خۆی من دەمزانی دەردەچم.
- خۆی ئێمە دەمانزانی كە دەرناچین.

پ- ئەم پارتیكلانەش: (داخۆ > ئاخۆ، داخو) كە پرسیاریان لە سنوورو دیاریكردن پێدەكرێت، پارتیكلێكی لێكدراوە لە (دا)ی وریاكردنەوە لەگەڵ (خۆ، خو) پێك هاتووە.

سەری هەردوو كوڵمی داخۆ گوڵی نەوبەهارە، یاخۆ
تـــــەرەفی نـــــــەهـــــــارە، زوڵفی (زُلفٌ مِن اللیالی)؟! (نالی)

داخو دەروونی سافە، گوڕەی ماوە (تانجەرۆ)
یا خۆ ئەسیری خاكە بەلێڵی دەكا عبــــــور؟! (نالی)

## ٣- ئەرکی (خۆ) وەك کۆنجێکشن

لەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکەیدا (یا ya) کە بەرامبەری لە فارسی میانەدا (ئەپاپ ayāp)ە[٢٨] لەگەڵ (خوت، خود، یاخۆ) یەکدەگرێت‌و کۆنجێکشنی: (یاخوت > یاخود > یاخۆ) سازدەکەن، بۆ مەبەستی سنوور دیاریکردنی دوو لا دادەنرێن، وەك:

هەموو: یەك یەك، یاخۆ دەستە بەدەستە

ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لەبەســـتە!     (گۆران)

## ئەنجام

بریتیەلە:

١- ئەو تەم‌ومژیی‌و تێکەڵ‌و پێکەڵییەی کە تاکو ئێستا لە زمانەوانی کوردیدا، باڵی بەسەر جەوهەرو سروشتی (خۆ)و ئەرك‌و واتایدا، کێشابوو بۆ یەکەمجار لەم باسەدا، پەردەیان لەسەر لابراوەو یەکلایی‌و ساغ کراونەتەوە.

٢- (خۆ) لە کوردی‌و هاوڕەگەزو بەرامبەرەکانی لە زمانە هندوئەورووپایێکاندا، خاوەنی ڕەگ‌و ڕیشەیەکی قووڵ‌و بنج داکوتراون، هەر لەم باسەدا، دیسان بۆیەکەمجارە، دەست خراوەتە سەر ئێتمۆلۆژی وشەی (خۆ).

٣- لەڕووی پێزو بەبەرهەمییەوە (خۆ) لەفەرهەنگ‌و لە سینتاکسدا، بەیەکێك لە وشە هەرە چست‌و چالاك‌و ئەکتیڤێکان، دادەنرێت، هەر لەم باسەدا، سنوورو قەوارەو جۆرو چەشنی پێکهاتە فەرهەنگێکانی (خۆ) کە بەگشتی سروشتی ئیدیۆمییان، هەیە لەگەڵ دەست نیشان کردن‌و جیاکردنەوەو تایبەتێتی کارکردنی لەسینتاکسدا، دیسانەوە بۆیەکەمجارە لەمێژووی زمانەوانی کوردیدا، وەك پێویست حەقی خۆیان پێدراوە.

٤- گەورەترین‌و فراوانترین ئەرکی (خۆ) لەپاڵ ئەرکەکانی تری لە سینتاکسدا، یەککگرتنێتی لەگەڵ کلیتیکەکاندا، وەك: (خۆم، خۆت، خۆیی‌و......)، (خۆ) لە بینینی ئەو ئەرکەدا، نەناوە، نەجێناوە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئانافۆری بەهێزو بەتوانای دەربڕی چەمکی (دیاریکردن‌و سنووردانان)ە.

٥- (دیاریکردن‌و سنووردانان) یەکێکە لە چەمکە هەر گرنگ‌و پێویستەکان لەژیانی مرۆڤدا، هەربۆیە، باڵی بەسەر بچووکترین کەرەسە کە (فۆنیم)ە، تا دەگاتە گەورەترینیان کە (ڕستە)یە، لەزمانی کوردیدا، کێشاوە.

٦- ئەمڕۆ لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا، وشەیەك، نییە بتوانرێت پێی بوترێت، (جێناوی خۆیی).

---

[28]- ڕەستەرگۆیڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، ل١٣١.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بەزمانی کوردی


- ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧.
- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩.
- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.
- دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.
- دیوانی نالی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالكريمی مدرس، بەغدا، ١٩٧٦.
- صادق بهاء الدين ئامێدی، ڕێزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)، چاپا یەکێ، بەغدا، ١٩٧٨.
- شیخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- فاروق عومەر سدیق، لەدایك بوونی وشە، سلێمانی، ٢٠١١.
- کوردستان موکریانی، جۆرەکانی جێناو و دەوریان لەڕستەی کوردیدا لە دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد، ب٧، بەغدا، ١٩٨٠.
- کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦.
- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر، ٢٠١٠.
- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.
- هەژار، هەنبانەبۆرینە، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٤.


### دووەم: بەزمانی فارسی:


- دکتر منوچهراریان پورکاشانی، ریشەهای هندواوروپایی زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٣.
- دکتر پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، چاپ بیستو دوم (باتجدید نظر) تهران، ١٣٨٨.
- دکتر خسرو فرشیدورد، دستور مفصل امروز، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٨.


### سێیەم: بەزمانی ڕووسی:


- ئی. ئا سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی زازا، مۆسکۆ، ١٩٩٨.
- ئی. ئا سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی گۆران، سانکت پیتربورگ، ١٩٩٨.
- ئی. ئا. سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی سنە، سانکت پیتربورگ، ٢٠٠١.
- ئۆ.س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٦٦.
- پێۆتەر لێرخ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردەکانی ئێرانو باوو باپیریان (خالیدێکانی سەروو)، بەرگی سێیەم، سانکت پیتربۆرگ، ١٨٥٨.
- ر. ئۆ. شۆر و ن. س. چیمەدانۆڤ، سەرەتایەك لە زمانەوانی، مۆسکۆ، ١٩٤٥.
- ر. ئابرامیان، فەرهەنگی پەهلەوی – فارسی – ئەرمەنی – ڕووسی – ئینگلزی، یڕیڤان، ١٩٦٥.

– ز.ئا.یوسۆپۆڤا، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٨٥.
– ز. ئا. یوسوپۆڤا، دیالێکتی کوردی گۆرانی، سانکت پیتربورگ، ١٩٩٨.
– چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.
– چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی سۆڤێت، مۆسکۆ، ١٩٧٣.
– ك. ئێ. مایتینسکەیا، جێناو لەزمانە سیتێم جیاوازەکاندا، مۆسکۆ، ١٩٦٩.
– ك. ر. ئەیووبیو ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨.
– ك. ك. کوردۆێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠.
– ك. ك. کوردۆێڤ، دەستووری زمانی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی سەروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨.
– فەرهەنگی وشەی بێگانە، چاپی هەشتەم، مۆسکۆ، ١٩٨١.
– ڤ. أ. فرۆلۆڤا، زمانی بەلوجی، مۆسکۆ، ١٩٦٠.
– ڤ. س. ڕەستەرگۆێڤا، (کورتەیەکی گراماتیکی فارسی) لە پاشکۆی: ب.ف. میللەر، فەرهەنگی فارسی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٠.
– ڤ. س. رەستەرگۆێڤا، زمانی فارسی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٦٦.
– یو. س. ستیپانۆڤ، بناغەی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسکۆ، ١٩٧٥.
– ن. م. شانسکی، لێکسیکۆلۆژی زمانی ڕووسی ئەمڕۆ، مۆسکۆ، ١٩٧٢.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

- Mackenizie D. N., Kurdish Dialect, studies London. Oxford university press, 1961.

## خلاصة البحث


عنوان هذا البحث هو {أصل ءمنشأ المورفيم (خۆ) وظيفتها فی اللغة}

كلمة (خۆ) تعنی (الذات، أو النفس) وهی احدی الكلمات الحيويّة في اللغة الكردية.

ليس لدينا في حقل علم اللغة الكردية أيّ بحث علميّ مستقل متعدد الأبعاد يحتوی علی خصوصيات هذه الكلمة كلها من حيث (علم الدلالة، علم المفردات، وقواعد اللغة)و ما أنجز عنها الی الان هو عمل فردی أحاديّ الجانب تبدو فيه نواقص كثيرة، ولذلك ظلت طبيعتها و جوهرها ومفهومها و دلالتها و وظائفها المختلفة غامضة غير محققة.

ونحن في بحثنا هذا بأتّباعنا المنهجين المقارن والتأريخی و باستفادتنا من أحدث النظريات والآراء والتصورات، و لأول مرة في تاريخ الدراسات اللغوّية الكردية وضعت الأيدي علی حقيقة لفظة (خۆ) الطبيعية و جوهرها وماهّية مفهومها ودلالتها و وظائفها المتنوعة – لاسّما بعد تحولها الی كلمة نحوية (grammaticalization) وقدتم شرح كل ذلك وتحليله علمّياً.

تكوّن البحث من مقدمة وأربعة أقسام:

في القسم الاول نُظِر الی تفسير كلمة (خۆ) فی المعجمين (فرهنكی خال، هه نبانه بورينه) وتمّ فيه تقييم ذلك العمل القليل غير المباشر المنجز عن كلمة (خۆ)

وفي القسم الثانى حُقيق الجانب الأيتمولوجى لكلمة (خۆ) وعرض فى القسم الثالث دور وقوة في لفظة (خۆ) فى صياغة الكلمات الجديدة والايديومات.

وفي القسم الرابع عُرِضت وظائف كلمة (خۆ) بعد عمليّه استعمالها فى تراكيب نحويية.

وفى ختام هذا البحث استنتجنا:

ان كلمة (خۆ) من جانبها الأيتمولوجى أصل لغوى ثابت عريق من أصول الهندواوروبية، وانها اليوم في الغة الكردية فعالة و مثمرة.

وان ما تكوّن بها في المعجم الكردى ذات طبيعة ايديومية وان أهمّ وظيفة لها في النحو بجانب وظائفها الاخرى- هو تركبها مع الظمائر المتصلة: مثل (خۆم، خۆت، خۆیی‌و.........) حيث انها معا وفّرت تركيباً (انافورياً) قوياً في التعبير عن مفهوم (التعين والتحديد).

وان هذا المفهوم قد طغى على المستويات والأدوات اللغوية كافة.

اذن لا تعد كلمة (خۆ) ضميراً عائداً فى اللهجة الكردية الجنوبية.

# Abstract

The present study is entitled “The Roots of XO Morpheme and Its Functions in Language’’ It is intended to examine the history, etymology and linguistic functions of the Kurdish morpheme or lexeme ‘XO’

The word ‘XO’ meaning ‘self’ is one of the most active lexemes in Kurdish for which Kurdish linguistics has not offered, as yet, independent full scale scientific investigations into its multifaceted aspects such as the lexicological, grammatical and semantic ones. Needless to say, all the studies conducted on to so far are one- sided and have numerous shortcomings, a fact that has left vague and unexplained the very nature, essence, concept, meaning and many functions of the lexeme ‘XO’ in Kurdish language. Adopting a diachronic comparative method and by drawing on the most recent views and perspectives advanced on the issue, we have highlighted, for the first time in the history of Kurdish linguistics, the true nature of the lexeme, its concept, meaning and numerous functions particularly after being grammaticalized.

The study consists of an introduction and four sections. The first section reviews the explanation of the meaning of ‘XO’ in KHAL and Hanbana Borina (Both Kurdish-Kurdish Dictionaries) and offers an evaluation of previous works carried out on ‘XO’. Section two is entirely devoted for an extensive study of the morpheme ‘XO’ while the third section demonstrates the role of the said morpheme in forming new words and idiomatic expressions. The fourth section, however, reveals the linguistic functions of the morpheme after being grammaticalized.

Among the conclusions we have drawn from this study are that the lexeme\morpheme ‘XO’ possesses an etymologically deep-rooted Indo-European history and is quite productive in modern Kurdish. Nevertheless, the lexicological strings formed with help of ‘XO’ are idiomatic in nature. Moreover, the most vital and pertinent syntactic function of the morpheme, among many, is its combinability with clitics such as: xom, xot, xoy,etc. This fact is conducive to a powerful anaphor for the concept of ‘specification and delimitation’ which cover almost all levels, and materials of Kurdish language; hence the claim for ‘reflexive clitics’ in Southern Kurdish would be viable.